# هێمن میرانی دەربارەی پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکیەتیی ئەوروپا ماستەری پێبەخشرا




ڕۆژی ٣, ٧, ٢٠٠٨ لە کۆلێژی یاسا و رامیاری بەیانیان، تاوتوێی ماستەرنامەی قوتابی خوێندنی باڵای بەشی زانستە سیاسییەکان (هێمن نامق جەمیل میرانی) کرا کە بەناونیشانی ( تورکیا و یەکێتی ئەوروپا – توێژینەوەیەکی شیکاری سیاسی دەربارەی پرسی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا) لە لایەن توێژەرەوە ئامادەکرا بوو. لێژنەی تاوتوێکردن لەم بەڕێزانە پێک هاتبوو ( پ.ی.د.شێرزاد نەجار – سەرۆک، پ.ی.د.ئەلبێرت عیسا – ئەندام، د.جەعفەر حوسێن – ئەندام، پ.د.جەبار قادر – ئەندام و سەرپەرشتیار ) .. دوای زیاتر لە چوار کاتژمێر گفتوگۆ، توێژینەوەکە لە لایەن لێژنەی تاوتوێکردنەوە بە رەچاوی کردنی ئەو سەرنجانەی لەسەری هەبوو، وەرگیراو و بڕیاردرا بڕوانامەی ماستەر لە زانستە سیاسییەکان بە هێمن میرانی بدرێت.

شیاوی باسە ئەم توێژینەوەیە یەکەم هەوڵی زانستییە لە چوار چێوەی نامەیەکی زانستی دەربارەی پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتی ئەوروپا بە زمانی کوردی بنووسرێت.

بۆیە بەنێوی گشت ستافی کارای راوێژەوە، پیرۆزباییەکی گەرم، لە هاوکار و هاوپیشەمان دەکەین، هیواخوازین تەمەننای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین و نوخشەش بێت لە دۆکتۆراکەی.

## بەجێت ناهێڵم



عەبدوڵا م. قادر

خۆشەویستیت هەمیشە لە دڵم جێگیرە
نازانی دڵم بۆ تۆ چەندە دڵگیرە
وا مەزانە ڕۆژێک مەیلم بگۆڕێت
گرەوی عەشقم لەگەڵت بدۆڕێت
چۆن دەتوانم خۆم رابهێنم
کۆشکی بێوەفایی بۆت دابهێنم
دەرگای باوەشم بۆت واڵایە
پەنجەی حەزم لە باڵات ئاڵایە
ئەگەر لێت دووربم ژینم تاڵە
دڵم لە دووریت دەکاتن ناڵە
لێوم تینووە تەنیا بۆ ماچێ
دڵم مەشکێنە لەیادم ناچێ
پەیمان دەدەم تا ڕۆژی مەرگ
عەشقت بۆم ببێ بە بەرگ